# بناخەكانی عیلمی سیاسەت

## بەشی شەشەم

**نووسینی عەبدولڕەحمان عالم** **وەرگێڕ: ب ـ پەژار**


ئەرەستوو

### ڕێ وشوێنی هەڵسەنگاندن وبەراوردكردن:

ئەو ڕێ وشوێنە بەگشتی كردن لە ڕێگەی بەراورد كردنەوەیە. دەكرێ ئەم ڕێ و شوێنە هەم بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەند و ئەندیشە سیاسیەكانی وولاتێك لە دەورە جیاجیاكانی مێژوو بەكار بهێندرێ وهەم بۆ موتاڵای دیاردەسیاسیەكانی وولاتە جیاجیاكان. لە هەر دوو ڕیگە، بناخەی ڕێ وشوێنەكە، بریتیە لە سەرنج بە هاوشێوەكان وهەروەها ئەو جیاوازیانەی كە لەوانەیە لەوەزع وهەل و مەرجی كۆمەلایەتی ئەو دەوڵەتانەی بەرانبەر یەك دەكرین وجودی هەبێ. پێك هاتەی شیاوی ڕەوتی هەڵسەنگاندن وبەرانبەركردن لە گەڵ ڕەوتی مەنتق وبەڵگە هێنانەوە دەبێتە هوی بە هێزبوونی ئەوانەی باسمان كرد. كاتێك هەڵسەنگاندنەكان و مێژوویی لەگەڵ ڕێ و شوێنی ڕوانینەكان تێكەڵ بن، زۆربەی گری كوێرەكان وكۆسپەكان یان لە ناو دەبا. ئەو ڕێ وشوینە زانایانی وەك ئەرەستو، مونیسكیو، بریس لاییەنگری دەكەن.

لایەنێكی تایبەت لەڕێ وشوینی بەراوردكردن (مقایسەای) ڕێوشوینی نمایشییە. شێوەی دیاری ئەو ڕێ وشوێنە، هەڵسەنگاندنی دەوڵەت وەك كۆمەلێكی زیندوو یا ئورگانیزم، كە مروڤەكان وەك ئەندامانی ئەو دەوڵەتەن. ئەو ڕێ وشوێنە بە پشتیوانی بۆچوونی گەشەسەندوو (تكامل)، كە لە زیندەوەر ناسی و كۆمەڵناسی سەرچاوەی گرتوە، هەوڵ دەدا دەوڵەت هەڵسەنگێنی. ئەو ڕێ وشوینەی هەمووشتێك بە دەرخستنی شێوەو بۆچوون شی دەكاتەوە وبە دەرخستنی نمونەكان لە ئورگانەكانی زیندوو، ئاكامێك بە دەستەوەدەدا. بەڵام مروڤ وەك حیوانات كۆمەڵایەتی نیە، بەڵكوو بۆخوی حیوانێكی سیاسیە. ئەو ڕێ وشوێنەی لە یونانی كۆندا لە لایەن ئیفلاتون بەكار هات ولە دەورەی نوێدا لە لایەن ئوگست كنت، هربت ئسپنسر و كەسانی دیكە بە كار هاتوە. ئەگەرچی ڕێ وشوێنی ماركسیزم بۆ كۆمە لگاش گەشەسەندوە، بەلام نمونەكان و تەمسیلەكان جێ یان تیایدا نیە.

ڕێ وشوینی نمایشی، ریگەییكی نازانستی یە و پێش ئەوەی روون بێ چیە، دەبێتە هۆی سەر لێ شیواوی لە پێناسەی دیاردە سیاسیەكان. ئیفلاتوون كەڵكی بەرینی لە نمایش ونمونەكان وەرگرت، بەڵام باسی هەل ومەرجی ئینسانی هێنایە رادەی باس لەبارەی جیهانی حیوانات و وەك سەگ و ماین هێنایە خوار. ئەو كارە ئاشكرای كردكە ئەگەرچی كەڵك لە (تەمسیلەكان) هێندێك جار دەبێتە هوی شی كردنەوە مەسەلەكە، بەڵام نابێ زۆر قووڵ بكرینەوە، دەنا دەگەینە ئاكامی ناراست. هربرت ئسپنسر، نمونەی كونە لە بە كار هێنانی ناتەواوی ئەم ڕێ وشوێنەیە. نەزەریەی ئەو لە بارەی ئورگانی دەوڵەت كەم وكوڕی زۆری هەیە لەوانەیە دەوڵەت وەك ئورگانێك بێ، بەڵام بێ گومان تاكە دامەزراوەش نیە.لەئاكامدا، بەكار هێنانی ڕێ وشوینی (تەمسیلی) لەلایەن ئسپنسر زیاتر دەبێتە هوی سەر لێشیواوی تا روونبوونەوە. بە بۆچوونی باركر، نابێ لە بیر بكرێ كە خواستن و شوبهاندن، بەڵگە نیە، وبناخەی هاوسەنگی لە نیوان دەڵەت وتاكەكان وپێوەندیان شی دەكاتەوە. بەو پێ یە ئاشكرایە كە لە بەكار هێنانی ئەو ڕێ وشوێنە دەبێ پارێز بكرێ.

### ڕێ وشوێنی فەلسەفی:

ئەو ڕێ وشوێنانەی كەتا ئیستا باس كراوە، بە شێوەی گشتی جێگربوون بەلام ڕێ وشوێنی فەلسەفی پێوا نەییە. ئەو ڕێ وشوێنە بەلەبەر چاوگرتنی ئوسوولێكی حەتمی (مسلّم) و دیار دەست پێ دەكا، لەگەڵ ڕەوتی بەڵگە هێنانەوەی دەچێتە پێش، وهەوڵ دەدا بۆچوون ونەزەریەییك لە دەوڵەت وحكومەت بە دەستەوەبدا. ئەو ڕێچكەیە لە شەرحی فەلسەفی سیاسی بەشیوەی كە لەنێو دایە وجودی هەیە. ئیفلاتوون، تۆماس مور، ژان ژاك روسو، هگل، گرین، بوسانكە، وسجویك ژمارەیەك لە كەسایەتی هەڵبژاردەكان لایەنگری ئەو ڕێ وشوێنەن. ژمارەیەكی دیكە لە بیرمەندان ڕایان بۆ لای ڕاستیە سیاسیەكان داچووە و وبیرو بۆچوونێكیان پەروەدە كردوە كە لە ناخیاندا سەری هەڵداوە و دەردەكەوێ واقع گەرانە بوون. زانین وبە راوردی ئەوان لە دیاردەوبراوردە سیاسیەكانی هاوعەسرەكانیان غەیرەزانستی وناراست بووە. ئەو شێوە ناسینە، گومانێكی مەعقولی لە پێوەند بە ناوەرۆكی زانستی بوونی ئەو ڕێ وشوێنە دروست كردوە. بۆ نمونە، میل بە تەنیا ڕێ وشوێنی ێپوانەیی ڕەد كردەوە وگوتی ئەو ئیدەعایەی كە ئەو ڕێ وشوێنی هەڵسەنگاندنی دیاردە كۆمەلایەتیەكان دەكا، ناتەواوە. كەسانی دیكەش لە بارەی ئیعتباری زانستی بوونی ئەو ڕێ و شوێنە بۆ لێكولێنەوەییە گومان نیان دەربریوە.

لەو ڕەخنانەدا ڕاستێك خوی حەشارداوە. لە لێكۆلینەوەی دیاردە سیاسیەكان، بیر بۆچوونەكانی بواری سروشتی هەمیشە یارمەتی دەر نابێ. بەڵام گوتنی ئەوە كە لە لێكۆلینەوەو هەڵسەنگاندنی زانستی كۆمەلایەتی لە ڕێ وشوێنی فەلسەفیدا جێگای نیە، خراپ تێ گەیشتنە لە ناوەرۆك و پێناسەی ئەو زانستە. زانستی كۆمەلایەتیەكان لایەن و ڕێگا و ڕەوشتی ڕاستیان تێدایە، وزیاترین كەڵكەكانی بەولایەنە لە هەڵسەنگاندنەوە پێوەندی هەیە. ئەو لایە سەنگ وسووك كردنی فەلسەفیانەی ناوەندە دەوڵەتیەكان وباقی سازمانەكانی خوازیاری دەسەلات دەكا. لەوپێوەندا ، پێناسەیك لە نمونە سەرتاییەكان پێش كەش دەكرێ ولە دواییدا ئەو ناوەندانەی كە هەڵسورانیان هەیە لەبەرتێشكی شی كردنەوە، داوەریان لەسەر دەكرێ وشوینی شیاویان دەدرێتێ. بۆ نمونە، سجویك باوەری وایە كە یەكەمین مەبەستی زانستی سیاست ئەوەیە كە دیاری بكا، چی دەبێ ببێ ورووبدا، یا ئەوەی ڕووداوەكان وكەردارەكان لە داهاتوو دەست نیشان بكا، كە ئاشكرایە ناكرێ ڕێ وشوێنی ئامانج ناسین و بە توێژینەوە دیاری بكرێ. تەنانەت، میل یش هەڵسەنگاندنی پێوانەیی قەبووڵ بووە. بەوپێ یە هۆێیك نیە كە ڕێ وشوێنی پێوانە كردن بە یەكجاری بە ناتەواو بزاندرێ، بۆیە ژمارەێك لە لایەنگرانی ئەو ڕێ وشوێنە بە كاریان هێناوە. ئەوە كە لاوازی ڕێ و شوێنەكە نیە، بەڵكو لاوازی لەو كەسانەدایە كە بەكاریان هێناوە.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵەین لەنیوان هەردوو،ڕێ وشوینی ئامانج خوازی وپێوانەیی ناكۆكی نیەو لە زۆر لایەنەوە، ئەو دووانە تەواكەری یەكن. لە هەڵسەنگاندن و لێكدانەوەی دیاردە سیاسیەكان لە ئیستا و لە رابردوودا ریچكەكان دەبێ ئەزموونی، شی كردنەوەو وئامانج خوازی بن. بەڵام هەموو ئەوەی كە وجودی هەیە یان وجودی بووە، بە تەواوی بێ كەم وكوڕی نیە. جاری وایە پێویستە ئەوانە چاكسازی تێدا بكرێ. ڕێ وشوێنی فەلسەفی، ریگە ڕاستەكان و ئەو بنەمایانەی كە دەخاتەروو لە سەر بنەما سیاسیە ڕاستەكان بەراورد دەكرین وهەڵدەسەنگێندرێن، وپێشنهاد دەدەن بۆ چاكسازی . ڕێ وشوینی فەلسەفی ، جیاواز لە بۆچوونی جیا كردنەوە، هەوڵ دەدا ئەو پێوانانە بۆ ریگەی راست بخاتە بەردەست . زانستی سیاسی بە چاولێكردن بە مەسەلە چەند لایەنەكان ناچارە چەند ریگەو خەتی هەبێ.

### ژمارەیەك لە ریگەكان:

دیاردە سیاسیەكانیان لە لایەنی جیاجیاوە هەڵسەنگاندووە. ژمارەیەك بە لایەنی حقوقی ودامەزراوەیی هەڵیان دەسەنگێنن وشروڤەیان دەكەن وژمارەیەكی دیكە روانین وبەراوردی ئابوریان هەیە. بۆ بەراوردكردنی كردەوەی سیاسی بەلایەنی دەروونناسی چەندین هەوڵ دراوە. لە ئاكامدا، ریگەی ئەزموونی و ڕەوشتیەكان وجوودیان هەیە .ئیستا ئەو ریگایانە بە كورتی هەلدەسەنگینین

### الف- ریگەی مافەوانی (حقوق):

ریگەی حقوقی بریتیە لە شی كردنەوەی دیاردەی سیاسی بە لایەنی حقوقی. ئەو ریگەیە دەوڵەت چ وەك كەسیەتی حقوقی یا كومەڵ و دەستەیی بۆ دارشتن وجێ بەجێ كردن قانوون دەبینێ. خودی مافناسانیش ڕێ وشوێنیكی تایبەتیان نیەو بە بیروبۆچوون ومەكتەبە جیاجیاكان پێوەندیان هەیە.

بەرچاوترین رەخنە لە سەر ئەو ڕێ وشوێنە، مەودای بەرتەسك وسنوور دارەكەیەتی. لە راستیدا ئەو ڕێ وشوێنە پشت دەبەستی بەقانوون وشكل گەرایی وجێگەوشوێن وبایەخی هێزە كۆمەلایەتیە نا یاساییە جیاجیاكان كەمتر لەوەی كە هەن بەراوورد دەكا، بەبێ ئەوە هەست بكا كە هەر جۆرە هەڵسەنگانێك لە دیاردە سیاسیەكان یەك لایەنە دەبێ.

ئەو قسەیە بەمانای لە بەر چاو نەگرتن یان بەراوردی كەمتر لە رادەی بەشداری كردنی خەت و ریگە مافەوانیەكان لە موتالاكرنێ سیاسی نیە. مافناسان نەتەنیا مانای كەسایەتی مافەوانی دەوڵەت ودەسەلات ئاشكرادەكەن و پەرە پێ دەدەن. بەڵكو لە هەڵسەنگاندەكان بۆ مافی بنەرەتی، مافی بەرێوەبەری ومافە نیودەوڵەتیەكان بەشدارییكی بەكەڵكیان هەیە.

***

# كاردانەوە نێونەتەوەییەكان لە تاقی كردنەوەی هاوێشتنی مووشەك بۆ فەزا لەلایەن كورەی باكوورەوە

ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ لێكدانەوەی هاویشتنی مووشەك لەلایەن كورەی باكوورەوە كۆبوونەوە. دەوڵەتی پوینگیانگ هاویشتنی مووشەكەكەی بە سەركەوتوو ناوبردووە و گووتوویەتی ئامانج دانانی ماهوارەیێك لە فەزادا بووە.

سەعات ۲:۳۰ دەقیقەی سەر لە بەیانی بە كاتی گرنویچ، ڕۆژی یەكشەممە ١٦ی خاكەلێوەی ۱۳۸۷ كورەی باكوور لە سەكۆی (موسودان ـ ری) كە لە قەراخەكانی ڕۆژهەڵاتی ئەو وەڵاتە هەڵكەوتووە، مووشەكێك كە هەڵگری ماهوارە بوو بۆ فەزا هاویشت. مووشەكەكە كەمێ لە دوای هاویشتن بە سەر ژاپون دا ڕۆیشت. لەو دوو بەشی سووتەمەنیە لە دوای سووتان بە پێی بەرنامە جوێ بوونەوە و كەوتنە ناو دەریاوە، بەڵام یەكەمیان بە ماوەی ۲۸۰ كیلومتری لە قەراخەكانی ڕۆژئاوا و دووهەم بە ماوەی ۱۲۷۰ ك م لە قەراخەكانی باكووری ڕۆژهەڵاتی ژاپوون كەوتە ئوقیانووسی ئارامەوە.

هەواڵدەری دەوڵەتی كورەی باكوور (KCNA) ڕایگەیاند كە ئەو مووشەكە بە سەركەوتوویی ماهوارەیێكی لە فەزادا جێگیر كردوە.

ژاپون ڕایگەیاند: كە ئەگەر هەڕەشەیێك بۆ سەر خۆی ببینێ، لە عاسماندا بە مووشەكە دیفاعیەكانی خۆی هێرش دەكاتە سەر ئەو مووشەكە. لە دوای ڕەد بوون بە سەر ژاپون دا لە تۆكیۆ ڕاگەیێندرا كە كەوتنە دوای پێویست نیە.

### كاردانەوەی سكرتێری گشتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان:

بان كی مون سكرتێری گشتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، لە ڕاگەیێندراوێكدا كە لە پاریس دا بڵاو كرایەوە، ڕەخنەی لەو كارەی كورەی باكور گرتووە. لەو ڕاگەیێندراوەدا هاتووە كە هاویشتنی مووشەكی دوور هاوێژ لە بەرەو پێش چوونی ووتووێژەكان و ئاشتی و ئاسایش زەرەر دەدا.

### كاردانەوەی ئەمریكا و یەكیێتی ئوروپا:

باراك ئوباما داوای لە دەوڵەتی پیونگیانگ كرد ڕێز لە بڕیارنامەكانی ئەنجومەنی ئاسایش بگرێ. سەرۆك كۆماری ئەمریكا ووریایی بە كورەی باكور دا كە دەست هەڵگرێ لە كردەوەی هاندەرانە، بە پێچەوانە زیاتر گۆشەگیر دەكرێ. ناوبراو زیادی كرد بەرەو پێشچوونی پیشەسازی مووشەكە دوور هاوێژەكان لەلایەن كورەی باكوور هەڕەشەیە بۆ سەر ناوچەی باكووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئاشتی و ئاسایشی جیهانی.

لە ڕاگەیێندراوێكدا سەرۆك كۆماری ئەمریكا هاویشتنی مووشەكی (تپودونگ ـ۲)ی بە پێشێل كردنی بڕیارنامەی ۱۷۱۸ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان ناوبرد. ئەو بڕیارنامە بەرەو پێش بردنی بەرنامە مووشەكیەكانی كورەی باكور قەدەغە دەكا.

یەكیەتی ئوروپاش لەو كردەوەی كورەی باكور ڕەخنەی گرت.

### كاردانەوەی ژاپون و كورەی باشوور

ژاپون و كورەی باشوور لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە بەردەوامی نیگەرانی خۆیان لە هاویشتنی مووشەكی دوور هاوێژ لەلایەن كورەی باكورەوە دەربڕیوە. دەوڵەتی كورەی باشوور ئەو كردەوەی كورەی باكووری بە نامەسئولانە ناوبرد و بە مەترسی بۆ سەر ئاشتی لە شێوە جەزیرەی كورە و جیهانی ناوبردوە.

ژاپون داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان كردوە كە كۆبوونەوەیێكی زەرووری پێك بێنێ.

### كاردانەوەی چین و ڕوسیە:

چین و روسیە داوایان لە كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی كرد ددان بە خۆدا بگرن. جیانگیۆ ووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین گوتی: هیوادارین هەموو ئەو وەڵاتانەی پێوەندیان بەو مەسەلەوە هەیە ددان بە خۆدا بگرن و ئارام بن.

ئاندرئی نسترنكو ووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیە كۆمەڵگای جیهانی بۆ هێمنی دەعوەت كرد و گوتی دەبێ چاوەرێ بین بزانین پسپۆڕانی نیزامی لە بارەی ئەو مووشەكەوە چ لێكدانەوەیێك دەكەن.



***